كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
19-12-2007 20:10بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

**جەمیل هەورامی تێكۆشەر بووە یان بەعسی وەڵامێك بۆ تاڵەبانیەك ... هەردی هەورامی**

ئەگەر كەسێكی خوێندەوارو نزیك لە رانیاری ەرباەری كەسێتی و ڕووداوەكانی مێژووی گەلی كورد، لانی كەم توانای ئەوەی هەیە كەوەك ئەوەی كە هەیە، ڕووداوەكان بگێرێتەوەو باس بكات، نەك وەك ئەوەی ناخی یاخود هەناوی خۆی دەیخوازێت، ئەو نوسینەی ئەو برادەرە لەسەر جمیل هەورامی تۆزقاڵێك لۆژیكی نوسینی تیانیە، جگە لە تەشهیرو رق هەڵرشات بەرامیەر بەو پێشمەرگە دێرینە نەبێت، بۆیە لێرەدا من بەپێویستی نازانم كە وڵامی ئەو هەموو تەشهیرو پەلاماردانی ناسنامەی كەسێتیەی ئەو بەرێزە بدەمەوە' تەنها ئەوەندە نەبێت ئەو لایەنە ئەگرم كە كردوویەتی بە ناونیشانی بابەتەكەی كە ئەلێت (كل هورامان بعسييه... دار گويزەكان بعسييه!!. لەراستیدا نوسین هەمیشە رێگایەكە بۆ تەعبیركردن لەناخی ئەو كەسەی كە ئەینوسێت، هەروەها ناونیشانی نوسینیش، تەنانەت ئەگەر هەواڵ یان راپۆرتیش بێت تەعبیر لەناوەرۆكی ئەو نوسینە دەكات، دیارە (بەرزان تاڵەبانی) پێش ئەوەی بیر لەوە بكاتەوە كە ئەیەوێت چی بلێت و چی بنوسێت لە خۆرا ناونیشانێكی داناوە كە گوایە هەمووی هەورمان بە دارگوێزەكانیشەوە بەعسین، ئەڵبەتە ئەگەر ئەو قسەیە جمیل هەورامی كردبێتی تا {ادەیەك وارد بوو كە باسی بكرایە، بەڵام ئەو ووتەیە هیچ پەیوەندی بەخەباتی ئەو تێكۆشەرەوە نیەو تەنانەت پەیوەندی بەناوەرۆكی نوسینكەی بەرێزیشیەوە نیە، بەرلەهەرشتێك ئەوەی تۆزقاڵێك ژیانی خۆی یان خێزان یان كەسو كاری لەهەر زەمانێكدا خستبێتە مەترسیەوە بێشك بە خەبات بۆی ئەژمار ئەكرێت، لەبەر ئەوە بەشێك لەسەركەوتنی شۆرشی كورد ئامادەیی قروبانیدانی پێشمەرگەو خێزان و كەس و كاری پێشمەرگە بووە، دیارە خەڵكی هەورامان و پیاوانی خەباتگێری ئەو ناوچەیە لە هەموو سەردەمێك و قۆناغێكی خەباتدا پێشەنگی قوربانی و فیداكاری بوون، وە جەنایان نابی بە ناوی شورەتی تاڵەبانی یەوە تەشهیرو بی ئەدەبی بەرامبەر بە خەڵكی هەورامان و خەڵكە تێكۆشەرەكەی بدات، دیارە ئەو برادەرە ئەگەر كەمێك بە دروستی و راستی زانیاریەكانی بگەیاندایە هەرگیز عنوانێكی نا مەنتیقی و نامەعقولی بۆ بابەتەكەی دا نەئەنا، وە تێكۆشەری هەورامان كاك جمیل هەورامی زۆر لەوە گەورەترە كە بەنوسینێكی لەو بابەتە خۆڵ بكرێت چاوی خەڵكە رۆشنبیرو خەباتگێرەكەی، وە كاك جمیل هەموو كارێكی كردبێت ئەوەی نەكردووە كە بۆ ساتێك بەعسی بوو بێت.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.